
# دەستنووسەکانی غیاسەددینی نەقشبەندی دەکرێتە کتێب



■ سیروان عەباس

شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان مزووری ژیان و بەڵگەنامەکانی شێخ غیاسەدینی نەقشبەندی کۆدەکاتەوە و لە توێی کتێبێکدا چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

عەبدولڕەحمان مزووری بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کتێبەکە ناوی "مەلایێ پیر" دەبێت و نزیکەی 130 لاپەڕەیە و ئێستا لە قۆناغی دیزاینە.

سەبارەت بە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و دەستنووسەکانی شێخ غیاسەدینی نەقشبەندی، مزووری گوتی: "چەند ناوچە و شوێنێک گەڕاوم، بەتایبەت سلێمانی کە لە ڕێگەی دۆزینەوەی نووسراوە کۆنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، چەند دەستنووسێکیم دەستکەوتووە، چونکە شێخ غیاسەدین ماوەیەک نوێنەری ئامێدی بووە لەو ئەنجوومەنە".

عەبدولڕەحمان مزووری، یەکێکە لە شاعیر و نووسەرە دیارەکانی باشووری کوردستان، بە تایبەت لە سنووری بادینان. ساڵی 1948 لەدایکبووە و تاوەکو ئێستا دوو دیوانی شیعری چاپ و بڵاوکردوونەتەوە و خاوەنی شەش کتێبە. ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و ئەکادیمیای کوردییە.

# لەندەن میوانداری "سێ ژنە ڕووتەکە"ی پیکاسۆ دەکات



■ ڕووداو – ئاژانسەکان


سێ تابلۆی پابلۆ پیکاسۆ، شێوەکاری ئیسپانی کە وێنەی سێ ژنی ڕووتن، بۆ یەکەمجار لە مۆزەخانەی تیت مۆدێرن لە لەندەن نمایش دەکرێن.

جگە لە سێ تابلۆکە، چەند بەرهەمێکی دیکەی پیکاسۆ لە چوارچێوەی پێشانگەیەکی تایبەت بەو شێوەکارە لەو مۆزەخانەیەدا نماش دەکرێن.

پیکاسۆ سێ تابلۆکەی لە ماوەی 10 ڕۆژدا لە ساڵی 1932 وێنەکێشاون و باس لەوە دەکرێت کە وێنەی خۆشەویستەکەی، ماری تێرێزا والتەر-ن. لە پێشانگاکەدا وێنەی "خەو" و "کچێک لە بەردەم ئاوێنەدا" کە لە مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ لە نیویۆرک لە ئەمریکا پارێزراون، بۆ یەکەمجار لە بەریتانیا نمایش دەکرێن.

سێ تابلۆکەی دیکەش لە 1932 بۆ یەکەمجار نمایشکران و لەم پێشانگایەدا جارێکی دیکە نمایش دەکرێنەوە. پێشانگاکە بەناونیشانی "پیکاسۆ 1932 – خۆشەویستی، ناوبانگ، کارەسات" لە 8ی ئاداری 2018 دەستپێدەکات و تاوەکو 9 ئەیلولی 2018 بەردەوام دەبێ.

پابلۆ پیکاسۆ، لە 25ی تشرینی یەکەمی 1881 لە شاری مەلەگەی ئیسپانیا لەدایکبووە و لە 8ی نیسانی 1973 ماڵئاوایی لە ژیان کرد. پیکاسۆ بە یەکێک لە بەناوبانگترین هونەرمەندانی سەدەی بیستەم ناسراوە، دامەزرێنەری بزووتنەوەی کۆبیزمە کە بریتییە لە کێشانی وێنە بەشێوەیەکی ئەندازیاری.



# ژیانی نالی دەکرێتە ڕۆمان



■ سیروان عەباس

نووسەر و ڕووناکبیر خەسرەو جاف، سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانێکە باس لە ژیان و سەربوردەی شاعیری گەورەی کورد نالی دەکات.

خەسرەو جاف بە ئەدەب و کولتووری ڕووداوی ڕاگەیاند، کتێبەکە 300 لاپەڕە دەبێت و لە قۆناغی تەواوبووندایە. تاوەکو ئێستا ناوی "شازادە و شاعیر"ە، بەڵام دوور نییە بەر لە چاپ ناوەکەی بگۆڕم.

خەسرەو جاف هەروەها دەڵێت: "زۆربەی نووسەرانی کورد ئاگاداری ژیانی نالی نین وەکو خۆی، لەکاتێکدا دەیان خزمی نزیکی هەن، من لەم ڕۆمانەدا حەقیقەتەکانی ژیانی ئەو شاعیرە دەگێڕمەوە، زەحمەتێکی زۆرم کێشاوە تاوەکو زانیارییەکانم کۆکردوونەتەوە".

خەسرەو جاف نووسەر و ڕۆماننووس، جگە لە بواری نووسین، لە بوارەکانی ئەندازیاری و هونەری پەیکەرسازیشدا کاردەکات و ئەندازیاری مۆنۆمێنتی شەهیدانە لە هەولێر.

نالی ناوی تەواوی خدری کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگی میکایلییە و ساڵی 1800 لە گوندی خاک و خۆڵی دەشتی شارەزوور لەدایکبووە و لە سلێمانی ژیاوە، ماوەیەکیش لە سنە بووە، پاشان ڕووی کردووەتە شام، بەڵام سەبارەت بە مردنەکەی ڕای جیاواز هەیە.

# ناونیشاناسی و ئاستی زمان لە ڕۆمانی (قیژە)دا



سەنگەر زراری

بەر لە هەموو شتێک و پێش هەڵدانەوەی هیچ لاپەڕەیەکی ڕۆمانی "قیژە"*، ناونیشانی ڕۆمانەکە جێی سەرنجە، ئەویش لەو لایەنەوە نا کە ناونیشانێکی ناوازە و نەگوتراوبێت، بەڵکو لەو لایەنەوە کە ئەم ناونیشانە، لەڕووی دەنگسازی (فۆنۆلۆجی) یەوە، ئاواز و ڕیتمێکی نەرمی نییە و خۆش نایەتە بەرگوێ، وا دەردەکەوێ کە ناونیشانێکی ناهونەرییە و جۆرێک لە نائاسوودەیی تێدا بەدی دەکرێت، لەکاتێکدا یەکێک لە سیفەتەکانی ناونیشانی سەرکەوتوو ئەوەیە کە دەبێ نەرم بێت و خوێنەر ڕابکێشێت، ئەم سیفەتە لە ناونیشانی "قیژە"دا بەدیار ناکەوێ، بەڵام بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، خوێنەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە لەلایەن نووسەرەوە، شتێکی ناچارییە و لەناو ڕۆمانەکەدا و لە دەرەوەی ڕۆمانەکەش، هیچ ناونیشانێکی دیکە بەوشێوەیە گوزارشت لە ڕۆمانەکە ناکات، واتا ئەم ناونیشانە خۆی خۆی سەپاندووە، نەک ئەوەی کە نووسەر بەخۆشیی خۆی دایبنابێت. لیۆ هۆیک (LEO HOEK)، کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەی ناونیشانی دەقی ئەدەبییەوە هەیە، دەڵێت: "ناونیشان لە کۆمەڵێک دەلالەتی زمانەوانی پێکهاتووە، لەپێناوی ناساندنی دەق و وەکو هێمایەک بۆ تێکڕای ناوەڕۆکی دەقەکە، لە سەرەتای دەق جێگیر دەکرێت". لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕستەیەی هۆیک، دەتوانین بڵێین کە ناونیشانی "قیژە"، بەتەواوی گوزارشتی لە تێکڕای ناوەڕۆکی دەقی ڕۆمانەکە کردووە و زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین: ئەم ڕۆمانە جگە لەم ناونیشانە، هیچ ناونیشانێکی دیکەی بۆ نابێت، یان بەلایەنی کەمەوە بۆی گونجاو نابێت. چونکە ئەم ڕۆمانە پڕە لە قیژە، قیژەی شەڕوشۆڕەکان، قیژەی ئافرەتانی ناو زیندان، قیژەی منداڵانی ساوا و منداڵانی تر، قیژەی ڕاپەڕینەکان، قیژەی دژایەتی و هێرشەکانی دوژمن، قیژە و هاواری قوربانیانی شەڕەکانی ناوەخۆ و... بۆیەش سەرەڕای نائاسوودەبوونی خوێنەر لەگەڵ ناونیشانەکە، سەرەڕای ئەوەی ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش نییە بۆ خوێندنەوە، سەرنجڕاکێش نییە بەو مانایەی باوەڕ ناکەم تەنیا خودی ناونیشانی "قیژە" ببێتە هۆی ئەوەی خوێنەرێک، لەنێو چەند ناونیشانێکی دیکە ئەوەیان هەڵبژێرێ، یان سەرەڕای ئەوەی "قیژە" وشەیەکی نوێ نییە، یاخود بەلایەنی کەمەوە وشەیەکی کەمبەکارهاتوو نییە، بەڵکو وشەیەکە ڕەنگە کەم ڕۆژ هەبێت بە شێوازی جیاجیا بەرگوێمان نەکەوێ، یان هەست بە قیژە نەکەین، بەڵام بە پەیوەستکردنی ئەم وشەیە بە خودی دەقەکە، خوێنەر ئەم ناونیشانە بە ئاسانی قبووڵ دەکات و بگرە بەپێویستیشی دەزانێ. تۆ تەماشاکە، (قیژە) لەم ڕستەیەی ڕۆمانەکەدا، چەند ورد و جوان ڕەنگی داوەتەوە و سیمبولیانە بەکارهێنراوە: "گوێم لە قیژەکانی شادی دەگرت، لەبەرخۆمەوە دەمگوت لەم مەملەکەتە شادیش دەقیژێنێ...ل 178".

بابەتی ئەم ڕۆمانە، شەڕوشۆڕی دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتییە، شەڕی عێراق لەگەڵ ئێران و لەگەڵ کورد و دواتریش شەڕی خۆبەخۆی کورد، ئەم ڕۆمانە کاری لەسەر ئەوە کردووە کە شەڕ و نەهامەتییەکان بۆ ئێمە، وەکو شتێکی ئەزەلییان لێهاتووە، وەکو ئەوەی قەدەری ئێمە تەنیا لەگەڵ شەڕدا بێت، شەڕ بەبەردەوامی لەسەری هەمووماندا دەنگدەداتەوە: "ئەو شەڕە تەنیا لە سەری مندا نییە، لە دەرەوە شەڕە و کەس هەست بەو خوێنە ساردە ناکات کە بێ سرەوت سەر دەکات...ل 20". هەموومان هەست بە شەڕەکان دەکەین و کەسمان پارێزراو نین، شەڕ لەگەڵ خوێنمان تێکەڵ بووە و تەنانەت: "لەم شارە شەڕ سرووتێکی پیرۆزە، کەرنەڤاڵێکە هەموویان بەوپەڕی وەفادارییەوە بۆ حیزبەکانیان تێیدا گیانبازی دەکەن، لەم شارەی ئێمە شەڕ یارییەکی خۆشە و ئەوکاتانەی شەڕ نابێ، هەموویان مات و مەلوول دەبن...ل 20".

لە ڕۆمانەکەدا جگە لەو کاراکتەرانەی کە چەکدارن و بەشی زۆری کاراکتەرە سەرەکییەکان پێکدەهێنن، ئافرەتێک (خەزاڵ) و دوو منداڵ (ئاگا و سان) و کەسێکی تەمبوورژەن (خوسرەو) هەن، تەنیا ئەوانن کە وەکو چەکبەدەستەکان بیر لە شەڕ و ئاژاوە ناکەنەوە و شەڕ و ئاشووب مێشکیانی داگیر نەکردووە، تەنانەت ئەوان هەریەکەیان بەجۆرێک لە جۆرەکان دژی شەڕن و بوونەتە قوربانییش، ئەمە ئاماژەی ئەوەیە کە ئافرەت و منداڵ و ئەوانەی گیانی هونەرییان هەیە و پێیەک لە ڕۆحانییەتەوە نزیکن، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ئینسانیبوونەوە نزیکترن و دوورە بەڵا و شەڕن، وەک لەو کەسانەی چەک و پۆست و پارە مێشکیانی داگیرکردووە. بۆ نموونە خەمی "خوسرەو"ی تەمبوورژەن، بنیاتنانەوەی مرۆڤە، نەک وەکو هاوکارەکانی کە لە خەمی ئەوەدان شوێنی زیاتر داگیر بکەن و نەیاری زیاتریان بکوژن و دەستکەوتی زیاتریان هەبێت: "تکای من ئەوە دەبێت، لەگەڵ بەرد دانانەوە سەر بەردی خانووەکان مرۆڤەکانیش بنیات بنێینەوە...ل 92".

لە خەمی ئەوەدایە چۆن ئاسوودە بێت و مۆسیقا بژەنێ، نەک ئەوەی بەسەر دوژمندا زاڵ بێت و پلە و پایەی بەرزبێتەوە و تەنیا خۆی ببینێ: "شەڕ لێناگەڕێ مۆسیقا بژەنین، شەڕ لێناگەڕێ گوێمان لە ئاوازەکانی خۆمان بێت ڕۆڵەکانم، شەڕ منداڵێکی وڕکگرە و قیژەی بەردەبێتە هەموو کون و کەلەبەرێک...ل 169".

یاخود "خەزاڵ" دەنگی ئافرەتانەی خۆی هەڵدەبڕێ و دەڵێت: "بۆچی دەبێ ئێمەی ژن قوربانی تووڕەیی ئێوە بین؟ (...) هەر کامێکتان ڕووی کردبێتە ئەم شارە، تۆڵەی شکستی خۆی بەرامبەر پیاوە شەڕکەرەکانی ڕەنگەکەی دی، لە ئێمە دەکاتەوە...ل 215".

بەهەمان شێوە منداڵەکانیش بەدەوری خۆیان دەبنە قوربانی، "ئاگا" بە شێت ناودەبرێ و "سان"یش لەبەردەم هەڕەشەی ئەوەدایە دەستدرێژی بکرێتەسەر و سادەییەکانی منداڵیی خۆیان لەدەست بدەن.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییەی لە ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو و لەدوای ئەم هەموو شەڕوشۆڕە نەبڕاوەیە، لە کۆتاییدا کاراکتەرێک بەدیار دەکەوێ بەناوی "هیوا"، هیوا، لەلایەک هیچ خزمایەتی و نزیکایەتییەکی لەگەڵ چەکدارە دڕندە ناسراوەکانی ناو ڕۆمانەکە نییە، ئەمە وەک ئاماژەیەک کە هیوا لەوانەوە بەدی ناکرێت و دەبێ لەلایەکی دیکەوە بێت، لەلایەکی دیکەشەوە خانووە کەلاوەکەی خوسرەوی تەمبوورژەن بەکرێ دەگرێت و دەیەوێ لەوێوە چیرۆکەکان تەواو بکات، ئەمەش وەک هێمایەک بۆ هیوایەکی نوێ و بونیادنانەوەی سەرلەنوێی ژیان، لەسەر داروپەردووی خانووێک کە خاوەنەکەی هیوای بونیادنانەوەی مرۆڤایەتی و ژەنینی مۆسیقای هەبووە: "شەڕ هەرگیز تەواو نابێت، ژێر پێستی ئەم شارە هەڵبدەیتەوە، پڕیەتی لە گەڕای کینە و ڕقی شاراوە، بەڵام دەبێ دەست بە ناوەکەی تۆوە بگرین، دەبێ هیوامان هەبێت.. تۆش بۆئەوەی بژیت، دەبێ دەست بە ناوەکەی خۆتەوە بگریت هیوا...ل 269".

خاڵێکی دیکە کە لەم ڕۆمانەدا جێگای سەرنجە، توانا و بەکارهێنانی ئاستی زمانە، زمان یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی گوتار و دەقی ئەدەبی، لەڕێی زمانەوە ئاستی دەقەکە دەردەکەوێت، لێکۆڵەری عەرەبی بواری ئەدەبیات شوکری عەزیز ئەلمازی دەڵێت: "ڕۆماننووس دەبێ لە زمان و توانای وشە و ڕستە و وێنە و توانای خەیاڵکردنی داهێنەرانە و دروستکردنی پەیوەندیی نوێ لە نێوان یەکەکانی واقیع بکۆڵێتەوە و شارەزا بێت، بۆیە زمانی نووسینی ڕۆمان (سەرەڕای ئەوەی لە ڕووکاردا سادە و ساکار دەردەکەوێ)، بەڵام بەوە دەناسرێتەوە کە توانای وەسفکردن و وێناندن و ئیلهامبەخشین و کاریگەری و باوەڕپێهێنانی هەیە و ئەمەش بە پلەی یەکەم زمانێکی کامێراییە".

بێگومان ئەم ئاستەی زمان، ئەوەی شوکری عەزیز باسی دەکات، لە هەموو دەقێکدا ڕەنگ ناداتەوە و هەموو دەقێک لەو ئاستەدا نییە، بەڵام بەشێوەیەکی باڵا و جوان لەم ڕۆمانەدا کاری لەسەر کراوە.

زمانی ئەم ڕۆمانە، یەکێکە لەو بابەتانەی بەتەواوی سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، خوێنەر هەست بەوە دەکات کە ڕۆماننووس توانایەکی زۆری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زمانی دەقەکە خەرج کردووە، هەروەها ئەوەش دەردەخات کە ڕۆماننووس چەندە کارامەیە لە ئاستی بەکارهێنانی زمان! هەم زمانی گێڕانەوە و هەم وێناندن و گوزارشتی وشە و دەربڕینەکان لە ئاستێکی جوان و بەرزدان.

*** قیژە (ڕۆمان)- فەرهاد چۆمانی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم (2017).**

> **خاڵێکی دیکە کە لەم ڕۆمانەدا جێگای سەرنجە، توانا و بەکارهێنانی ئاستی زمانە، زمان یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی گوتار و دەقی ئەدەبی، لەڕێی زمانەوە ئاستی دەقەکە دەردەکەوێت**

> **ئەم ڕۆمانە کاری لەسەر ئەوە کردووە کە شەڕ و نەهامەتییەکان بۆ ئێمە، وەکو شتێکی ئەزەلییان لێهاتووە، وەکو ئەوەی قەدەری ئێمە تەنیا لەگەڵ شەڕدا بێت**

# قیژە کپەکان



حەمە مەنتک

کاتێک ڕۆمان دەبێتە پانتاییەکی ئازاد بۆ ئەوەی کارەکتەرەکان بە ئازادی چیرۆک و ڕووداوەکانی ژیانی خۆیانی تێدا بگێڕنەوە، ئەوا هەریەک لە کارەکتەرەکان دەبنە خاوەن دەنگی خۆیان. لێرەوە ڕۆماننووس ناتوانێ چیدیکە کارەکتەرەکان بە کۆیلە بکات. ئۆرهان پامۆک یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی تەواو من سەرسامی شێوازی گێڕانەوەیم.. ئەو هەر کارەکتەرە و بە چیرۆکەکەیەوە لەناو پانتایی ڕۆمانەکەیدا پەرت دەکات، خوێنەر دەبێت هەموو کارەکتەر و چیرۆکەکانیان کۆبکاتەوە و دواتر بەیەکەوەیان ببەستێتەوە. ئەم جۆرە تەکنیکە لە گێڕانەوەدا (هەڵپەساردن/ Suspense)ی پێدەگوترێت. خوێنەر دێت هەموو شتە پەرتبوو و نارێکەکان کۆدەکاتەوە.

ڕۆمانی (قیژە)ی "فەرهاد چۆمانی" هەمان شێوازی گێڕانەوەی "پامۆک" بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان پێڕەو دەکات. ئەم شێوازە بە بڕوای من شێوازێکی قورسە، چونکە شێوازی پەرتکردنی چیرۆکەکان دەبێ زۆر ورد و هونەریانە بێت، بەشێوەیەک خوێنەر ماندوو بکات. بۆ ئەوەی خوێنەر هەموو چیرۆکە پەرتبوو و ناتەواوەکان بە یەکدییەوە ببەستێتەوە. ئەم هونەرە هێشتنەوەی خوێنەرە لە چاوەنۆڕیی ئەوەی دواتر ئەم چیرۆکە ناتەواوە بە کوێ دەگات! یان ئەم کارەکتەرە چی بەسەردێت؟ لێرەدا شتەکان لەژێر دەسەڵاتی ڕۆماننووسدا نامێننەوە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا جار جار هەست بە بوونی تارمایی ڕۆماننووس دەکەین، بەوەی لە هێندێ شوێندا واقیع و بیرەوەریی ڕۆماننووس بە ئاشکرا و زەقی خۆی دەردەخات. دەمەوێ بڵێم ئاساییە ڕۆماننووس سوود لە واقیع و بیرەوەری خۆی وەربگرێت، بەڵام دەبێ دەسکارییەکی تەواوی بکات، وەکوو چۆن دەسکارییەکی تەواوی شاری کردووە و ناوی ناوە شاری سپی. واتە ڕۆماننووس دەبێ واقیعێکمان نیشان بدات هەست بکەین ئەو واقیعەمان دیتوە، نەک واقیعەکەمان دیتبێت. جوایەزییەکی زۆر لەنێوان ئەو دوو دیتنەدا هەیە.

ڕۆمانی (قیژە)، ڕۆمانێکە باسی نەهامەتی شەڕی براکوژی دەکات. تێمەی ڕۆمانەکە لەبارەی ئەو هەموو هاوار و قیژەوەیە کە تاکی کورد بە درێژایی ئەو ساڵانە لە قوڕگیدا کۆبووەتەوە. ئێستاتیکای ئەم ڕۆمانە لەوێدایە هەموو قیژەکان کپن، ڕۆمانێکە ڕووداوەکانی هێندە نەرم و لەسەرخۆ ڕوودەدەن و دەڕۆن، خوێنەر هەست بە هیچ توندوتیژییەکی ناو ڕۆمانەکە ناکات. هەرچەندە ئەم ڕۆمانە سەرشارە بە شەڕ و توندوتیژی. ڕۆمانەکە بە وەسفێکی هێمن و لەسەرخۆ دەست پێدەکات، بەتایبەتی لە (ڕەش و سپی/ حیکایەتی ئاگا). ئەم بەشە، بەشێکە پڕە لە وەسف. وەسفیش لە زۆر باردا جووڵەی کات و ڕووداو خاو دەکاتەوە. یەکێک لە ئەرکەکانی تەکنیکی وەسف لە ڕۆماندا، دوودڵی بۆ خوێنەر دروست دەکات، هۆکاری هاتنەدی ئەم دوودڵیەش پچڕاندنی شێوازی زنجیرەیی ڕووداوەکانە، بەتایبەتی لە شوێنە هەستیارەکاندا. بۆ نموونە کاتێک وەگێڕ لە حەکایەتی یەکەمدا وەسفی باوکی دەکات: "ئەو پیاوێکی تەنیا و بێدەنگە. تەنیاییەکی ئەزەلی ئەفسوونی پیاوێکی ڕیشن و زراڤ، کزۆڵ و سیحراویی وای پێ بەخشیوە هەر کەسێک بیبینێت، وا دەزانێت لە چاخە سەرەتاییەکانی ژیان بۆ ئەمێستا بەجێ ماوە". بێگومان ئەم خاوی و لەسەرخۆییەی ڕووداوەکان لە خۆڕا نییە، بە بڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ تێمەی ڕۆمانەکە، چونکە تێمەکەی ئیشکردنە لەسەر کۆمەڵێ قیژە و هاواری کپ و دەرنەبڕدراو، ناکرێت ڕووداوەکان خێرا و تیژڕەو بن. هەرچەندە وەسفەکان تەنێ لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا زۆرن، بەڵام دواتر کاڵ دەبنەوە، بە بڕوای من وەسفەکانی سەرەتای ڕۆمانەکە تەنێ بۆ خاوکردنەوەی ڕەوتی ڕووداوەکانە. دەکرێ ئەم جۆرە لە وەسف بە (وەسفی جووڵەدار) ناوبنێین، ئەم جۆرەیان پتر لە وێناکردنی کارەکتەرەکاندا خۆی دەبینێتەوە. ڕۆمانی (قیژە) سەرەڕای بوونی ئەو هەموو شەڕ و ناخۆشیانەی ناوی، کەچی خوێنەر گوێی لە قیژەیەک، لە هاوارێک، لە دەنگی گوللەیەک نابێت. ئەگەر تەماشای ڕۆمانی (دەمێ مەرگ، دەمێ خۆشەویستی) و (بەرەی ڕۆژئاوا ئارامە)ی "ئێریش ماریا ڕیمارک" و (ماڵئاوایی لە چەک)ی "هەمینگوای" بکەین، پڕن لە دەنگ، ڕووداوەکان هێندە بە خێرایی و تیژی ڕوودەدەن، خوێنەر بە تەواوی گوێی لە دەنگی تەقینی گوللە و هاواری بریندار و خەڵکی ئاوارەیە. بەڵام لە (قیژە)دا کارەکتەرەکان باسی شەڕ دەکەن، بەڵام گوێمان لە دەنگی گوللەکان نییە. ((لە سەنگەردا کەوتبوومە پاڵ سورکێو، ئەو ڕەبیەی لێی بووین، ڕەبیەیەکی کۆنی ڕژێمی بەعس بوو، شەڕ بوو. من بە سورکێوم دەگوت:

"ئەمە هەمان ڕەبیەی بەعسە، وایە؟"

سورکێو تەقەی دەکرد و دەیگوت:

ئێستا کەی کاتی ئەم پرسیارەیە!))

ڕاستە لە زۆر جێی دیکەدا باسی شەڕ و گوللەیە، بەڵام خوێنەر هەست ناکات گوللەکان دەنگیان بێت، چونکە بونیادی ڕۆمانەکە لەسەر کپکردنی دەنگەکان ڕۆنراوە. ئەگەر مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە گوێیان لە قیژەی یەکدی نەبێت، چۆن دەتوانن دەنگی گوللە ببیستن، ئەگەر بە دەنگی گوللە ڕاچڵەکێن، چۆن دەتوانن بەردەوام لەگەڵ یەکدیدا لە شەڕدا بن و سەنگەر لە یەکدی بگرن.

ڕۆمانی (قیژە) ڕۆمانێکی فرەڕوانینە، هاوکات فرەپێگەیە، هەموو ڕوانین و پێگەکان بە ئاسانی یەکناگرن، ئەمەیش وا دەکات دەقەکە ببێتە دەقێکی کراوە. دەقەکە خۆی لە تاکڕوانین دەرباز دەکات. هەرچەندە چەمکی (قیژە) لە زۆر شوێن یەخەمان دەگرێت و دەیەوێ ڕامان بکات، بەڵام بە هۆی جوایەزیی ئەو کەسانەی خەریکن دەقیژێنن، یان قیژە و هاوارێکیان لە قوڕگدایە، ئەمە تێکدەشکێت. لێرەشەوە ئەو ڕوانینە یەکگرتووەی دەیەوێ خۆی بەسەر ڕووداوەکاندا زاڵ بکات، لەناودەچێت. ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا، گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا داناخرێت، بەڵکوو هەمیشە بە کراوەیی دەمێنێتەوە. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە، ڕۆمانەکە کۆتایی نییە، بەڵکوو بە شێوەی تایبەتی خۆی دەگاتە کۆتایی، بەڵام کۆتایی لێرەدا مەبەست لێی گەیشتن بە ئەنجام نییە. کۆتایی لێرەدا کۆکردنەوەی هەموو پارچە پەرتبووەکانی ڕۆمانەکەیە، ئەو پارچانە کۆمەکی خوێنەر دەکەن بۆ ئەوەی بەشدارییەکی تەواوی هەبێت لە بەرهەمهێنانی کۆتایی.

> **ڕۆمانەکە ڕووداوەکانی هێندە نەرم و لەسەرخۆ ڕوودەدەن و دەڕۆن، خوێنەر هەست بە هیچ توندوتیژییەکی ناو ڕۆمانەکە ناکات.**



## نووسەر و چیرۆکنووس موحسین ئەحمەد عومەر:

# کورد جیهانی کۆنی خۆی بە دوای خۆیدا رادەکێشێ

### چیرۆک و کورتە رۆمان هاوتان لەگەڵ جیهانی خێرای فەیسبووک و ئینتەرنێت

### ■ تەوەری (چیرۆک) ■

ژانری چیرۆک پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە هونەری گێڕانەوەوە هەیە، بۆیە لە زۆربەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا هەیە. ئاخر ژیان خۆی چیرۆکێکی درێژە، یان ئەگەر لە ڕوانگە ئایینیەکانەوە لە ژانری چیرۆک بڕوانین، ئەوە ژیان چیرۆکی سەفەرێکە. ژیانی هەر یەکێکیشمان بۆ خۆی چیرۆکێکە، کەواتە چیرۆک لە زۆربەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیاتدا هەیە و هەندێکیان تەنانەت بەبێ ڕەگەزی چیرۆک ناتوانن هەبن. بۆ نموونە کام شانۆنامە هەیە ڕەگەزی چیرۆکی تێدا نەبێت؟ ئایا دەشێت بیرەوەری بنووسینەوە و ڕەگەزی گێڕانەوەی چیرۆکمان نەبێت؟ کام ڕۆمان هەیە چیرۆکی تێدا نەبێت؟ زۆر جاران شیعرێکی کورتیش چیرۆکێکی درێژی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، کەواتە دەپرسین: چیرۆک چییە؟ بۆچی ئێمەی مرۆڤ پێویستمان بە چیرۆکە؟ ئایا هەموومان بوخچەیەک یان کۆگایەک نین لە چیرۆک؟ بوونی ئەو هەموو چیرۆکە لە ژیانماندا پێویستی بە چییە بۆ گێڕانەوە؟ ئایا هونەری گێڕانەوە چییە؟

■ سازدانی: غەمگین بۆڵی ■

**رووداو: پێتانوانییە سەرگوزشتەی هەر مرۆڤێک لەم دنیایەدا ئەگەر جوان بگێڕدرێتەوە پڕە لە چیرۆک؟ تۆ چۆن سوودت لە سەرگوزەشتەی خۆت وەرگرتووە؟**

**موحسین ئەحمەد عومەر:** بێگومان ئەم روانینە راستە، سەرگوزەشتە هەرچەند ناچیزە و هەژاریش بێت نرخ و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام ئەمەیان هەروەکو ئێوە دەڵێن ئەگەر جوان بگێڕدرێتەوە دەتوانرێ تێکستی نایابی لێ دروست بکرێ، پێموایە بە پلەی یەکەم ئەمە پەیوەندی بە هونەرەکانی نووسینەوە هەیە، پەیوەندی بە شێوازی نووسین و روانینەوە هەیە، لەولاشەوە پەیوەندی بە بیناکردنی سادەییەوە هەیە، سادە نووسین و جوان نووسین تێکدەکاتەوە، بەڵام گەیشتن بەم ئاستە و بەم شێوازی جوان گێڕانەوەیە دەوەستێتە سەر ئەزموون و شارەزایی ئەو کەسە خۆی، ئەمەش ژیانێک و سەردەمێکی دەوێ. بۆ بیناکردنی ئەم جیهانە، دەبێ لە نهێنییەکانی پەیوەندیی زمان بە ژیان و و زمان وەک ساختمانی ئەدەب یان زمان وەک جیهانی بوونی دەرەکی و ناوەکیی تێکست شارەزا بین، ئەوە "رۆلان بارت"ە خاوەنی ئەم روانینەیە کە دەڵێ "ئەدەب واتە کارکردن لەناو زمان"، زمان خۆی بوونی مرۆ و شێواز و بوونی ئەدەب خۆیەتی. لە دەرەوەی زمان شتێک نییە بەناوی بوون، هەروا شتێکیش نییە بە ناوی ئەدەب یان روانین. زمان بەرجەستەکاری هەموو پەیوەندییەکی ژیارییە، نیتچەی فەیلەسوف دەمێکە گوتوویەتی "زمان بوونێکی شەبەنگی Virtualی هەیە، ئەم شەبەنگە هەرگیز ناگیرێ، بەڵام دەتوانرێ لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی تێکستێک بگیردرێ، لێرەوە ئەگەر تێکستەکە جوان بێت و بەهایەکی مرۆیی و هونەری هەبێت، واتە ئێمە توانیومانە جوان ئەو شەبەنگە بگرین، وەکووتر جوان نەگرتن دەبێتە درێژدادڕی Tautologies، لەم حاڵەتەشدا تێکستێک بەرهەم دەهێنرێ نابێتە هەڵوەستەیەکی ئەوتۆ لە ژیانی مرۆ. کەواتە ئەدەب و هونەرەکانی نووسین لەم روانگەیەی نیتچەوە بریتییە لە راوە شەبەنگ، سەرلەدوونانی شەبەنگ و گرتنی، ئێمە وێنە لە شەبەنگ دروست دەکەین. بۆیە، جوان نووسین و سادە نووسین بۆ ئەدەب و ئەدەبیات بە پلەی یەکەم دێن، هەرچی پەیوەندی بە سەرگوزەشتەی خۆمەوە هەبێ، تا ئێستا من شتێکی ئەوتۆم بەناوی سەرگوزەشتەی خۆم نەنووسیوە، بەڵام بەقەد ئەوەی ژیانی من، روانینی من لە هەموو بەرهەمێکمدا هەیە، ئەمە بۆ خۆی بەشێکی باش لە سەرگوزەشتەی هەڵگرتووە، بەتایبەتی هی سەردەمی منداڵی و هەراشتریش، دواجار هەموو بەرهەمێک سەرگوزەشتەی مرۆڤ خۆیەتی.

**رووداو: چیرۆکنووسانی بەر لە تۆ کەمتر گرنگییان بە تەکنیکی نووسین داوە و زیاتر پشتیان بە فانتازیا بەستووە، ئەوە چۆن دەبینی؟**

**موحسین ئەحمەد عومەر:** لەو باوەڕەدام نووسەرانی پێش نەوەی ئێمەش خاوەن تەکنیکی نووسین بوونە و لە هەمان کاتدا فەنتازیاشیان بەکارهێناوە، بەڵام ئەو فەنتازیایەی ئەوان بەکاریان هێناوە پەیوەندی بە ژیانی سەردەمی خۆیانەوە هەبووە، بۆ نموونە تەکنیکی نووسین و خەیاڵ لەلای ئیبراهیم ئەحمەد، حەسەنی قزڵجی، موکری و حوسێن عارف و زۆری تر، سەردەمی ئەوان سەردەمی مۆندیالیزاسیۆن نەبوو، هێشتا کۆمەڵی کوردی لەناو ژیان و ئاستێکی ترادیسیۆنی دەژیا، ئەوان کەمتر کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەدەبی جیهانی، ئەمەش بۆ خۆی بابەتێکی خۆشە بۆ لێکۆڵینەوە. بەڵام سەردەمی ئێمە کردنەوەی دەرگاکان بوو بەسەر دۆزەخدا، لەناکاو هێرشی ناسنامەکان و روانینەکان و خودەکان و ژیارەکان دەستیپێکرد، لەناکاو تێگەیشتین ئێمە لەناو چ مەنفایەکدا دەژین، مەنفای ژیان خۆی و مەنفای وڵات خۆی لەلایەکی دی، لەولاشەوە هێرشی جیهانیی شەبەنگی دیجیتاڵ، واتە ئینتەرنێت و فەیسبووک، کورتبوونەوەی مەوداکان و بچووکبوونەوەی جیهان لەناو گەردوونێکی بێسنووردا. ئێستا سەردەمی کێشانەوەی سنوورەکانە. ئەمانە هەموو هەڵکەوتی خەیاڵ و بەرهەمهێنانی ئەدەبی و هونەری دەگۆڕن.

**رووداو: بەشێک لە رۆماننووسانی کورد سەرەتا بە چیرۆک دەستیان بە نووسین کردووە و دواتر رۆمانیان نووسیوە، وەها نایەتە بەرچاو کە دونیای چیرۆک وەک مەشق و راهێنان بێت بۆ نووسینی رۆمان؟**

**موحسین ئەحمەد عومەر:** تا رادەیەکی زۆر ئەم روانینە راستە، ئێستا لە جیهاندا سەردەمی پووکانەوەی رۆمانە، بەڵام ئەمەش مانای وا نییە کە رۆماننووسین بەو ئاسانییە لەناو دەچێ، بەپێی کەسەکان و ناوەندی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کولتوورەکان دەگۆڕێ، بۆ نموونە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بۆ یەکێکی وەک خۆرخێ لوی بۆرخێس رۆمان مردبوو، بۆیە ئەو تەنیا چیرۆکی کورتی دەنووسی، پێیوابوو رۆمان زیاتر ژانرێکی ئەدەبی سەدەی نۆزدە بووە. من بۆ خۆم پێموایە لەم سەردەمەدا دەبێ تەنیا کورتە رۆمان بنووسرێ، چیرۆک و کورتە رۆمان هاوتان لەگەڵ ئەو جیهانە خێرایەی فەیسبووک و ئینتەرنێت و هەر ئەمەش هەمان ئەو جیهانە شەبەنگییەی سەرەوەیە کە لەلای نیتچە هەڵکەوتی بوونی زمانە، هەمان جیهانی شەبەنگی هەڵکەوتی بوونی فەیسبووک و ئینتەرنێتە کە جیهانێکی تیشکییە، ئەم جیهانە هیچ نییە لە تیشک و سێبەر زیاتر. بەڵام دیسان ئەمە مانای ئەوە نادا رۆمانی درێژ لەناوچووە، بۆ نموونە رۆمانی درێژی سێیانەی ژنە نووسەری ئیتالی "ئێلێنا فێرانتێ : (هاوڕێی پەرجوو، ناوی نوێ، ئەوەی دەڕوا و ئەوەی دەمێنێتەوە) کە ئێستا ناوبانگی لە جیهاندا زۆرە، رەواجێکی جوانی هەیە و زۆر دەخوێندرێتەوە. بەڵام ئەمەش رەواجەکەی بۆ جوانیی رۆمانەکە دەگەڕێتەوە کە درێژییەکەی لایەنێکی لاوەکییە. بەڵام بەگشتی لەم سەردەمەدا رۆمانی درێژ باوی نەماوە. لەولاشەوە هەست دەکەم هەندێ جار هونەری کورتەچیرۆکنووسین سەختترە لە رۆمان.

**رووداو: کەوایە هەست ناکەیت لەم ساڵانەی دواییدا نووسینی رۆمان لەلایەن نووسەرانی کوردەوە بووەتە مۆدێل؟**

**موحسین ئەحمەد عومەر:** نەخێر، نووسینی رۆمان لەناو کورد هێشتا لاوازە، لەو ئاستەدا نییە بووبێتە دیاردە و مۆدێل، بێگومان خەڵک هەن رۆمان دەنووسن، بەڵام رۆمانێکی کەم دەنووسرێ، بەگشتی بەرهەمهێنانی ئەدەبی لەناو کورد پووکاوەتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە سەردەمەکەوە هەیە، لەگەڵ کرانەوەی دەرگاکانی جیهان بەسەر ژیانی کورد، کورد گیرۆدەی چۆن ژیان و چۆنیەتی ژیان بووە، کورد هێشتا تێنەگەیشتووە کێشەی ناسنامەی هەیە، کورد هێشتا تێنەگەیشتووە لە وڵاتی خۆیدا لەناو مەنفایە، لەولاشەوە سنوورەکان بەسەر خودی کورددا کراونەتەوە، لەم کرانەوەیەدا کورد کەمتر سەرنجی خۆی دەدا، یان بە سەقەتی بەناو جیهاندا تێدەپەڕێ، لەگەڵ کرانەوەی دەرگاکاندا بەسەر کورد، لە بێ ئەزموونیدا کورد گیرۆدەی بژێویی ژیان بوو، دەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەم کرانەوەیەدا کورد تووشی شۆک بووە، بۆ نموونە دەرئەنجامێکی ئەم شۆکە لەوەدا دەبینرێ: بۆ بەرهەمهێنانی ئەدەبی پووکاوەتەوە، بۆ ئۆتۆمبێلێک لەلای تاکی کورد بەسوودترە لە رۆمانێک. بێگومان کۆمەڵی کوردیش وەک هەموو دنیا سەرەتا دەیەوێ پێداویستییەکانی دابین بکا، بێگومان لەم دابینکردنەش سەقەتیی هەیە، ئەمەش هەر پەیوەندی بە سەرنجنەدانی خۆی و بەرکەوتنی بە شۆک هەیە. کورد لە زۆر شت و زۆر بواردا هێشتا هەر سادە و ساکارە. بە گشتی ئێمەی کورد لە پەیوەندیمان لەگەڵ جیهان لەو ئاستەدا نین کە ئێمەش بوونێکین لەناو جیهاندا. کورد تا ئێستا ناتوانێ ناسنامەی خۆی دیاری بکا چجای بایەخ بە روانینەکانی خۆی بدا. ئێمە چۆن بتوانین لە تاکی کوردی بگەیەنین کە رۆمانێک بە قەد پێداویستییەکانی ژیان گرینگە؟ ئەمەیان کێشەیەکی ئاڵۆزە.

**رووداو: کەواتە تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت: رۆمان هێدی هێدی جێی بە لقەکانی دیکەی ئەدەب لێژ کردووە؟**

**موحسین ئەحمەد عومەر:** هیچ جۆرە جێگە پێلەقکردنێک لەئارادا نییە، پاشان رۆمان لەناو کورد هێشتا نەبووەتە مۆدێلێکی نووسین، کورد رۆمانی زۆر نانووسێ، ئێستاش هەموو کورد دەیانەوێ ببنە شاعیر، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئیشکالێکە

### ئێستا هەموو کورد دەیانەوێ ببنە شاعیر، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئیشکالێکە بۆ خۆی

بۆ خۆی، لەلایەک پێمان دەڵێ، کورد دواجار نایەوێ بچێتە ناو جیهان، کورد جیهانی کۆنی خۆی بە دوای خۆیدا رادەکێشێ، کورد دەپرسێ ئەگەر نەبمە شاعیر لە جیهاندا چیم بەسەردێ. رووێکی دیکەی ئەم ئیشکالیەتەش بە سادە سەیرکردنی شیعرە، شیعری ئەوەندە سادە لەناو کورد بەرهەم دەهێنرێ، بە رادەیەک زیاتر وەک وشەڕیزکردن دێنە بەرچاو، رووێکی دیکەی ئەم ئیشکالیەتەش پێمان دەڵێ هەر لەبەر هەڵکەوتێکی وایە رۆمان و جۆرەکانی دیکەی نووسین لەناو کورد کەمە. بۆ نموونە لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارە جیاجیاکان لەناو کورد لاوازە و کەمە. لەلایەکی ترەوە دەشێ ئەم کێشەیەی ئێوە باسی دەکەن پەیوەندی بەوەوە هەبێ، ئەوەی هەیە وەک دەڵێن رۆمان جۆرێکی ئەدەبییە وەک لێکۆڵینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی نییە، وەک چیرۆک نییە، وەک شیعر نییە، رۆمان داستانی سەردەمی مۆدێرنەیە، هی مرۆی گەندەڵە، مرۆی گەندەڵ بە شۆڕش و هێزی سەرمایە و بازاڕ و پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان ژن و پیاو. رۆمان جۆری ئەدەبی مرۆی نوێیە، ئەم جۆرەش لەگەڵ سەرهەڵدانی نوێخوازی هاتووەتە ئاراوە، سەرەتای ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ "دۆن کیخۆتێ"ی سێرڤانتێس دەستپێدەکا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەی زایینی. باڵادەستیی رۆمان لە هەڵکەوتی ئەدەبی خۆیدایە، وەک جۆرێک لە نووسین لە مرۆڤ نزیکە، ئەم نزیکییە کێشەیەکی ئاڵۆزە، پەیوەندی بە بوون و عاتیفە و ژیانی مرۆڤەوە هەیە، ئەوەی دەشێ بە رۆمان بگوترێ مەرج نییە بە شیعر یان بە رەخنە بگوترێ. رۆمان هەڵکەوتی ژیانی هەیە. ئەو ساختمانە خەیاڵییەی دەشێ بە رۆمان دروستبکرێ، تایبەتمەندیی خۆی هەیە وەک فۆرمێک، ئەم فۆرمەش مێژوویەکی هەیە، ئەم ساختمانە هەر تەنیا بە فۆرمی رۆمان دەکرێ.

**رووداو: کەوایە، بۆچی خوێنەری رۆمان زۆرە؟**

**موحسین ئەحمەد عومەر:** لەو باوەڕەدام ئەمەش هەر پەیوەندی بەو هەڵکەوتەوە هەیە، خوێنەرانیش کە زۆرتر بەرەو رۆمان دەچن وەک نووسەرانی رۆمان سەراسیمەی گەڕانن بە دوای خۆیان و بەدوای جیهانێکدا تەعبیر لە روانین و ئارەزووەکانیان بکات. بەڵام ئێستا سەردەمی ئێمە دووچاری کێشەی ئینتەرنێت و فەیسبووک بووە، ئەمەش بە گشتی کاریگەری لەسەر خوێندنەوە وەک خوێندنەوەی سیستەماتیک داناوە.

**رووداو: وەک دەزانین یەکێک لە بنەما گرنگەکانی چیرۆک، گێڕانەوەیە. باشە گێڕانەوە چ پەیوەندییەکی بە مێژووەوە هەیە؟**

**موحسین ئەحمەد عومەر:** لەوانەیە ئێوە مەبەستتان لە جیاوازی بێت لە نێوان گێڕانەوە وەک گێڕانەوەی چیرۆک و سەربوردەی ئەدەبی، هەروا مێژوو لەناو هونەری گێڕانەوە خۆیدا. گێڕانەوە هەروەکو "ژێرار ژێنێت" دەڵێ، دەوەستێتە سەر ئەو نیشانانەی تایبەتن بە گێڕانەوە، ئەمانەش کۆمەڵێک نیشانەن کە تێکست پێکدەهێنن، بەڵام هەرچی مێژووە ئەوا پەیوەندی بە "رووداو"ەکانەوە هەیە، رووداوەکان بنچینە و سەرچاوەی نیشانەکانی تێکستن. مێژوو رووداوە، بەڵام نیشانە پەیوەندی بە گێڕانەوەوە هەیە، گێڕانەوەی چیرۆک و سەربوردە.

**رووداو: هەمیشە رەخنەی ئەوە لە نووسەرانی ئەدەبیاتی گێڕانەوە دەگیرێت کە ئەو هەموو رووداوە گەورانەی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتوون، نەیانتوانیوە سوودیان لێوەرگرن. تۆ ئەو رەخنانە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

**موحسین ئەحمەد عومەر:** لە راستیدا ئەمە شتێکی ترمان پێدەڵێ کە پەیوەندی بە کێشەیەکی ئاڵۆزترەوە هەیە، ئەمەش هەر ئەوەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد، ئەدەب و هونەر لەناو کورددا هێشتا بە چاوێکی نێگەتیڤ و بێ بەها سەیر دەکرێ، روانینی نەریتی و خێڵەکی لە گوتاری ناسنامەی کوردی و ناسنامەی کولتووری کوردیدا زاڵە، هێشتا کورد پێیوایە ئەدەب و هونەر سوودێکی ئەوتۆی نییە، ئێمە چۆن بتوانین سوودی ئەدەب و هونەر لە کەسێکی نەریتی بگەیەنین کە بە رواڵەت مۆدێرنە و ئۆتۆمبێلی "لێکسوس Lexus" لێدەخوڕێ، بەڵام لە ناوەوە کەسێکی نەریتیی رەگاژۆیە. ئەم کولتوورە زۆر باوی زۆرترە وەک لە بوونی سوودی ئەدەب و هونەر. بەڕاستی کۆمەڵی ئێمە کێشەی زۆرە. بە چەشنێکی دی دەتوانین بڵێین کورد لەناو هەڵکەوتێکی ناکۆکی دەژی، ئەویش ناکۆکی و ململانێ و دووبەرەکیی نێوان دوو روانینە Perspective، روانینی نوێ یان نوێخوازی یان وەک دەڵێن مۆدێرنە لەگەڵ روانینی نەریتی Traditional ، روانینی یەکەم دەیەوێ کورد خۆی بخاتە ناو جیهان و ترسی نەبێ لە شۆکی شارستانی، ئاودیوی هەموو بەربەستێک و کۆسپێک بێت، ئەم روانینە دەیەوێ وڵاتێک دروست بکا، کورد لەناو مەنفای خۆی و مەنفای بێ وڵاتی دەربێنێ، دەیەوێ ئاودیوی نەریتەکان بێت، بەڵام روانینی نەریتخواز سەرەڕای ئەوەی بە رواڵەت بۆ پێشەوە دەڕوا، بەڵام رووی هەردەم لە دواوەیە، ئەم روانینە سەرەڕای ئەوەی بێگومان بایەخی خۆی هەیە، بەڵام بەگشتی وەک ئاستەنگ و بەربەستە، هەڵکەوتێکی زیاتر نێگەتیڤە، سەرەنجام لەناو ئەم ناکۆکییەدا، ئەدەب و هونەر و کولتوور بە گشتی لە هەڵکەوت و بوونێکی ناکۆکدا دەژی، هەر ئەم ناکۆکییەشە بێ بەهایی دەداتە پاڵ زمان و ئەدەب و هونەر و بێ قیمەتکردنی شتەکان. سەرەنجام ئێمە چۆن لە کەسێکی نەریتی بگەیەنین کە شیعرێک، تابلۆیەک، کتێبێک بایەخی لە ئۆتۆمبێلێک زیاترە. ئەمەیە رێگەی لە داهێنان لەناو کورد گرتووە.



### پێموایە لەم سەردەمەدا دەبێ تەنیا کورتە رۆمان بنووسرێ

# سینەمای نەتەوەیی کوردی و
# "ساتێك بۆ مەستیی ئەسپەكان"



■ پەری کەریمی نیا*

### بەشی سێیەم و کۆتایی

دووەم، توانەوەی نەتەوەیەک گەورەترین هەراس و ترسێکە کە هەڕەشەشە لە بوونی نەتەوەیەک. نەتەوەی زۆرینە و باڵادەست دەتوانێت گوشار بخاتە سەر نەتەوەی کەمینە، یان ژێردەست بۆ ئەوەی بەهاکانی نەتەوەی باڵادەست وەربگرێت؛ بۆ نموونە: زمان و کولتوور. دەسەڵات ناتوانێت خەڵکانی کەمینە "سنووورداش" بکاتەوە (بنچینەکانی تۆتالیتاریزم ()، کەواتە بەدیلەکەی ئەوەیە کە گوشار بخرێتە سەر کەمینە بۆ ئەوەی دەست لە بەهاکانی خۆیان هەڵبگرن. لە فیلمی "چ" دا خەڵکی کورد بە زمانی فارسی دەدوێن، فارسییەک بە زاراوەیەکی پێکەنیناوی کە هەرکەس بیبیسێت، گاڵتەی پێدێت و وەک سووکایەتی چاوی لێدەکات. ئەوان مافی خۆیان، مافی دەنگهەڵبڕین و راپەڕین وەک نەتەوەی کوردیان پشتگوێ خستووە. خودی کورد لە فیلمەکەدا داوا لە دەسەڵاتی باڵادەست (حکومەتی ئێران) دەکەن بۆ ئەوەی هەرەس بەو شۆڕشەی کورد بهێنێت و شۆڕشگێڕان تێکبشکێنێ. لە فیلمەکەدا کوردی چاکمان هەیە و کوردی خراپ. کوردی چاک ئەوانەن کە پاڵیان داوە بە دەوڵەتی باڵادەستەوە و کوردی خراپ ئەوەیە کە دەبێتە لەمپەر لەبەردەم خواستەکانی دەسەڵاتدا. لە کۆتایی فیلمەکەدا دەرهێنەر شادی و خۆشیی کوردە باشەکانمان بۆ دەنوێنێ و هەست بە شانازیکردن و سەربەرزی و بەشەرەفبوونیان دەخاتە روو، ئەو شەرەفەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە پێیان بەخشراوە. بەهای باڵادەست و ژێردەست دێتە یەک ئاستەوە. هەڵبەت وا باشترە کە بگوترێ ژێردەست خۆی لەناو وەهمی باڵادەستدا دەتوێنێتەوە و پابەند دەبێ بە بەهاکانی ئەوەوە. وا خۆی وێنا دەکات کە خۆی هەر لە بنەماوە بێبەها بووە .

حکومەت دەسەڵاتی ئەوەی نییە نەتەوەی کورد سنووورداش بکاتەوە، سنووورداش لە شوێنێک کە خاکی باوباپیرانیان بووە، بەڵکو دێت بەهاکانیان لێدەسێنێتەوە و ئەو بەهایانەی کە خۆی وەک زۆرینە دەیەوێت، بەسەریاندا دەیسەپێنێت.

قوبادی بە پێچەوانەی حاتەمی کیا، لە فیلمەکەیدا دەیەوێت ئەوەمان بۆ دەربخات کە کورد دەیانەوێت خوێندەوار بن، هەرچەندە بە زمانی زگماکیی خۆیشیان نەبێت. ئەیوب دەفتەرێک دەکرێت و هەڵیدەگرێت و دەیبات بۆ ئامینەی خوشکی لە قوتابخانە و بەردەوام هانی خۆشکەکەی دەدات کە دەبێت دەست لە خوێندن هەڵنەگرێت بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو. کورد مافی ئەوەی نییە بە زمانی دایکیی خۆی بخوێنێت، ئامینە و منداڵەکانی دیکە لە قوتابخانە هیچ رێگاچارەیەکیان نییە، بێجگە لەوەی کە بە زمانی فارسی بخوێنن. دێڤریم کلیچ (چیچەک ٢٠١١) لەسەر ئەو بڕوایەیە کە "خەڵکی کورد لە خاکی خۆیاندا دەژین، ژیانیان دەتوانرێت ئاوا پێناسە بکرێت کە ئەوان لە مەنفادا دەژین، چونکە ئەوان لە کۆمەڵگەدا ناتوانن بە زمانی زگماکیی خۆیان قسە بکەن و لەگەڵ کولتووری خۆیاندا بژین"، کەواتە گۆڕینی پێناسەی سینەمای نەتەوەیی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بەر بە توانەوەی نەتەوەیەک بگیرێت. سینەمای نەتەوەیی یەکێک لە رێگاکانە کە دەتوانێت بەربەستێک بۆ ئەم هەراس و هەڕەشەیە پێکبهێنێت.

دوا خاڵی شایانی ئاماژە ئەوەیە کە بێدەوڵەت ـ نەتەوە هەلی کەمتری بۆ دەڕەخسێت بۆ ئەوەی مێژووی خۆیان بە دەستی خۆیان بنووسنەوە. مێژووی نەتەوەی کەمینە کە لەلایەن نەتەوەی زۆرینە و باڵادەستەوە دەنووسرێت، تووشی خەسارێکی زۆر دەبێت و بە زۆری وا دەنووسرێتەوە کە دوور لە راستییە، یان راستیەکە شێوێندراوە و لە بەرژەوەندیی نەتەوەی باڵادەستدا نووسراوەتەوە. نەتەوەی کورد ئارشیڤێکی نەتەوەیی و فەرمییان نییە، کەواتە ئەو بەڵگانەی کە لەسەر کورد هەن، بە زۆری مێژوویەکی نەنووسراو و سەرزارەکییە، یان ئەو کتێبە توێژینەوانەن کە کەسانی بیانی لەسەر نەتەوەی کورد کردوویانە. نەتەوەیەکی بێ مێژووی جێی باوەڕ، وەکوو نەتەوەیەک وایە کە لە بۆشاییدا دەژیێت.

دیسانەوە لە فیلمی "چ" دا ئەو شۆڕش و هەستانەوەیەی کە خەڵکی کورد لەناو فیلمەکەدا نیشانی دەدەن، وەکوو ئەوە وایە کە هەندێ هەلپەرست لەژێر ناوی ئازادیدا، دەیانەوێت سوودی خراپ لە پاوە، ئەم شارە کوردییە، وەربگرن. کەواتە لادانی مێژوو لە مێژووی کورد، شۆڕش و هەستانەکەی کورد وا وەسف دەکات کە ناپاک و ناپەسەند و قێزەونە.

لێرەدا دەبێت ئەم تێڕوانینە بخرێتە بەر پرسیار کە ئایا ئەگەر نەتەوەی کورد بیەوێت خۆی دەسەڵاتی بەسەر خاکی خۆیدا هەبێت و خاکەکەی لە ژێر چاودێریی خۆیدا بێت، ئەمرێکی نەشیاو و قێزەون و ناپاکە یا نا؟

(چ) هەروەها بیچمی داوە بە بیرەوەریی ئەو کوردانە، یان بەگشتی ئەو کەسانەی کە حەزیان لە بەدواداچوون نییە و گوێڕایەڵی هەڵدەبژێرن. ئەو جۆرە کەسانە خۆیان لەدووی راستییەکان ناگەڕێن و مێژوو بەو شێوەیە وەردەگرن کە لە ناو فیلمەکاندا هاتووە. هێڵی نێوان مێژوو و فیلم لای ئەمان شێوێندراوە.

بەڵام دەرهێنەری کورد، شێوازی بەڵگەیی بۆ فیلمەکەی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی راستیی ژیانی کورد بخاتە روو. قوبادی هەروەها ویستوویەتی وشیارییەکی جیهانی بخولقێنێت لەبارەی ژیانی ئەو منداڵانەی کە لەو ناوچە کوردییەدا دەژین . کەواتە نووسینەوەی پێناسەی سینەمای دەوڵەت ـ نەتەوە، ئەرکێکی بەپەلەیە، چونکە مێژووی بێدەوڵەت ـ نەتەوەکان، دەستی تێوەردراوە و لەژێر مەترسیدایە و بەهۆی گوشاری رامیارییەوە، بیچمێکی دیکەی وەرگرتووە. زۆربەری فێستیڤاڵەکان وڵات دەناسن و بەناوی وڵاتەوە فیلم وەردەگرن. ئەمە غەدرێکی یەکجار گەورەیە، چونکە ئەو فیلمانەی کە ئاوا مێژووی نەتەوەیەک دەستتێوەردەدەن و فیلمەکانیان لەو شوێنانە وەردەگیرێت و بڵاودەبێتەوە، گریمانی ئەوە هەیە کە جیهان بەو دەموچاوەوە بۆ نموونە نەتەوەی کورد ببینێت و ئیتر شوێنێک نەبێت کە بێدەوڵەت ـ نەتەوەکانیش (کورد وەک نموونە) دەنگی خۆیانی تێدا هەڵبڕن و ناڕەزایەتی دەرببڕن. کەواتە بێگومان ونبوونێکی مێژوویی گەورە لێرەدا روودەدات. لە ئەنجامدا سینەمای نەتەوەیی بۆ ئەو فیلمانەیە کە وڵاتیان هەیە. بابەت، بینەر و بواری مادی، چەمکەکانی سینەمای نەتەوەیین. فیلمی "ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان" بۆ نموونە هەموو چەمکەکانی سینەمای نەتەوەیی تێدایە. ئەمە دەتوانرێت بدرێتە بەر رەخنە کە کورد وڵات و دەوڵەتی خۆی نییە، کەواتە سینەمای نەتەوەییشیان نییە.

هانا ئارێنت ئەم چەمکی دەوڵەت ـ نەتەوەی لەلا پەسەند نییە و رەخنەی لێگرتووە. ئارێنت پێیوایە کە ئەم چەمکە، خەڵکی کردووە بە دوو بەشی کەمینە و زۆرینە. بەپێی قسەکانی ئەم بیردۆزە، من پێموایە کە پێناسەی سینەمای نەتەوەیی دەبێت لە زووترین کاتدا پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و بگۆڕدرێت. هۆکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەتەوەی باڵادەست، یان زۆرینە، نەتەوەی کەمینە و ژێردەست دەخەنە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی خۆیانەوە و بەقازانجی خۆیان هەڵیاندەسووڕێنن.

خەڵکی کورد لە فیلمەکەی قوبادیدا بۆ دابونەریت و بیرەوەری و شوناسی خۆیان دەگەڕێن. ئەوان هەروەها بۆ ئەوە دەگەڕێن کە برینەکانی خۆیان سارێژ بکەن و ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان چێ بکەن. لە دواخاڵدا فیلمەکە دەربڕی پرۆسەی خۆپێناسەکردن و خۆرزگارکردن و ئازادییە؛ تەنانەت لەودیو سنووورە دەستکردەکانیشەوە. کورد بڕوای وایە کە ئەوان یەک نەتەوەن و سنووری دەستکرد ناتوانێ جوداکەرەوە بێت. لە کۆتاییدا هەروەکو لە فیلمەکەیشدا نیشان دەدرێت، ژیانی کورد لە خاکی خۆیدا، یان لە دەرەوەی خاکی خۆی، وەکو ئەوە وایە کە لە مەنفا و ئاوارەییدا بێت، بەڵام مەنفا کۆتایی ریگا نابێت.

> قوبادی بە پێچەوانەی حاتەمی کیا، لە فیلمەکەیدا دەیەوێت ئەوەمان بۆ دەربخات کە کورد دەیانەوێت خوێندەوار بن، هەرچەندە بە زمانی زگماکیی خۆیشیان نەبێت




**سەرچاوەکان:**


Bibliography

Alan Williams. (2002). Film and Nationalism. Available: https://books. google. co. uk/books?id=B-Qh9oZT6ggC&pg=PA52&lpg=PA52&dq=concept+of+National+cinema&source=bl&ots=doJT2oajVH&sig=WcCKhqjQ9nTArR4fPMImH3yUk-P0&hl=en&sa=X&ei=kf6JVPCb McnzUNi2g-AB&ved=0CF8Q6AE. Last accessed 12. 12. 2014.

David Walsh. (2000). Children in the mountains. Available: http://www. wsws. org/en/articles/2000/10/tff4-o05. html. Last accessed 12. 12. 2014.

Hannah Arendt (1958). 'The Origins of Totalitarianism. 2nd ed. London: Ruskin House. Chapter 9

Hamid Dabashi. (2012). Corpus Anarchicum Political Protest، Suicidal Violence، and the Making of the Posthuman Body. Available: https://books. google. co. in/books?id=YVlFlG-09SmYC&pg=PA177&lpg=PA177&dq=a+time+for+drunken+horses+universally&source=bl&ots=gAbUuZbCL8&sig=rAnMyt-DoJxJJOiRkIkcOXLt8GK0& hl=en&sa=X&ei=kCaKVJqmKIn-sUrPYgJAL. Last accessed 11. 12. 2014.

Mette Hjort &Scott Mackenzie (2000). CINEMA &NATION. London: Rutledge. 64. Özgür Çiçek. (2009). The Fictive Archive: Kurdish Filmmaking in Turkey. Available: http://www. alphavillejournal. com/Issue%201/ArticleCicek. html. Last accessed 14/12/2014.



*خوێندکاری ماستەر لە بواری ئەدەبیات و سینەما لە زانکۆی یۆرک- بەریتانیا




# ژێر ساباتی
# ژمارەکان

هەر پێنج کیشوەرەکەی دنیا...
ئەنفلۆنزای ئینسان چنگوپەلی لە گۆ خستوون

••

هەر چوارلامان ،.....
تەنیایی ، وەک پێڵاوێکی کۆن ،
بە یادەوەریی بزمارڕێژی کردوون

••

ساڵ دوانزەی مانگ بیر لە شتێک ئەکەینەوە،....
شتێک، ساڵمان لە بیر بەرێتەوە

••

چوار وەرزی ساڵ.....
بارانێک بە کڵپە دائەکا ،
بارانێک، کەسمان گەرم ناکاتەوە !
خۆرێکی تەزیو ڕێژنە ئەکا،
خۆرێک ،خاڵیی لە فێنکبوونەوە !

••

پێنج فەرزە بەرماڵمان بەسەر ئاهەوە ئەگەڕێت

••

دووریانێک لە پێشمانە،....
ڕێیەکیان ئەچێتەوە سەر مەرزە تەڕەکانی ونبوون و
ئەوی تریان سەر کەنارە وشکەکانی بیرچوونەوە

••

لە چوارگۆشەی ژیاندا ،
گۆشەی" ئەلف "ی ئاوێزانبوون
یەکسانە بە گۆشەی "باء"ی بیرچوونەوە
گۆشەی "جیم"ی جوودایی
یەکسانە بە گۆشەی "دال"ی دڵنیایی

••

چلەی ناچێت، غەریبیم ،....
هەمیشە کفنەکەی تەڕە

••

سێ سەدو شەست پلە ، نەهامەتی....
بای داوەتەوە بەلای کارەساتدا ، لەژێرخانەکەی سەرمدا

••

حەوت ڕۆژی هەفتە ،
لەمسەرەوە ڕەنگاو ڕەنگ ،
لەوسەرەوە ڕەش و سپی و
لە ناوەڕاستەوە تا ئەوسەر،.....
لە ناوەڕاستەوە تا ئەمسەر بێ ڕەنگن!

••

مانگی چواردە ، لە شەوێکدا دائەبارێتە حەوشەکەم ،....
نە زەنگیانە ئەهۆنمەوە و
نە خۆم تەیارکردووە بۆ ژوان !

••

شەست چرکە،....
شتاقیان ناچنەوە سەر یەک خانەوادەی زەمەن ؛
شەست چرکە ،
چرک.. چرک، بە نەغمەیەک ، لە نێو یەک دڵدا دەنگیان دێ

••

بیست و چوار سەعات ،...
گڵۆپە ڕەش و سپییەکانی شەو و ڕۆژ.....
ئەکوژێنەوە و دادەگیرسێن ،
تا ئەبەد ئەو مەلعونانە، ....
دەستیان بە پشکۆی بێهوودەییدا ناچزێ

••

سێگۆشەی بەرمۆدا، سێ سەدەی تریش،...
کەشتیی هیچ پیرە حەسرەتێکی ئێمەی پێ قووت ناچێ

**ئاوگوست و سێپتەمبەری 2017**



■ بەرزان هەستیار